SDH



# منداڵانکەداوای پاراستنی جیهانی دەکەن

زانیاری دەربارەی منداڵانی نەهاتوو کە داواکاری پێشکەش دەکەن
بۆ داواکارانی پابەند بوونی پاراستنی جیهانی بۆ ماددەی 4ی لە
یاسای یەکێتی ئەوروپا ژمارەی 604/2013

ئێمە ئەم ناميلكەيەمان بەتۆ داوە لەبەرئەوەی تۆ داوای پاراستنت کردووە و بە ئێمەت ووتوە تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە. ئەگەر تۆ تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە، ئەوە تۆ بە منداڵ هەژمار دەکرێیت. هەروەها تۆ لە دەسەڵاتدارن دەبیستیت کە تۆ بە " مێردمنداڵ" ناو دەبەن، کە هەمان مانای منداڵی هەیە. ' دەسەڵاتدارن' ئەو کەسانەن کە بەرپرسیارن لە بڕیاردان دەربارەی پاراستنەکەت.

**ئەگەر بەدوای پاراستنی لێرە لەبەرئەوەی تۆ لە وڵاتی خۆت ترست هەیە، ئێمە ئەم شتە بە "داواکردنی پەنابەری" ناو دەبەین. شوێنی پەنابەری ئەو شوێنەیە کە پاراستن و سەلامەتی پێشکەش دەکات.**

کاتێک داواکاریەکی ڕەسمی پێشکەش بە دەسەڵاتداران دەکەیەت بۆ پەنابەری، یاسا ئەمە بە "داواکاری یان پێشکەشکردن بۆ پاراستنی جیهانی" ناو دەبات. ئەو کەسەی کە داوای پاراستن دەکات پێی دەوترێت "دواکـار". هەندێك جار خەڵک دەبیستیت پێت دەڵێن " داواکاری پەنابەر".


پێویستە دایبابت لەگەڵتدا بن، بەڵام ئەگەر لەگەڵت نین یان ئەگەر لەوان جیا بوویتەوە لە ڕێگادا، ئەوە تۆ **' مێردمنداڵی بە تەنهایت'.**

لەم حاڵەتەدا، 'نوێنەرێکت' بۆ دابین دەکەین، کە کەسێکی گەورەیە کە یارمەتیت دەدات لە ماوەی پۆرسەکە. ئەو کەسە یارمەتیت دەدات لە داواکاریەکەت و دەکرێت هاوەڵیت بکات کاتێک پێویست بێت لەگەڵ دەسەڵاتدارن قسە بکەیت. دەتوانیت باس لە کێشە و ترسەکانت بکەیت لەگەڵ نوێنەرەکەت. نوێنەری تۆ کاری دڵنیابوونە لەوەی باشترین ویستەکانت و جێگەی بایەخ پێدانن، بەو واتایەی کە پێویستیەکانت، سەلامەتیت، تەندروست باشیت، گەشەی کۆمەڵایەتیت و بۆچوونەکانت بە هەند وەردەگیرێن. نوێنەرەکەت هەروەها ئەگەرەکانی یەکخستنەوەی خێزان بەهەند وەردەگرێت.

**ناميلكەی ئێستا تەنها بۆ مەبەستی زانیاریە. ئامانجی پێشکەشکردنی زانیاری پەیوەندیدارە بە ڕێوشوێنی دوبلینە بەو کەسانەی داوای پاراستنی جیهانی دەکەن.** ماف یان ناچارکردنی یاسایی دروست ناکات. مافەکان **و ناچارکردنەکانی وڵاتان و کەسەکانی لە ژێر ڕێوشوێنی دوبلین ئەوانەن کە لە یاسای یەکێتی ئەوروپادا 604/2013 هاتوون.**

**©European Union 2014**
**بەرهەمهێنانەوە ڕێپێدراوە. بۆ هەر بەکارهێنانێک یان دووبارە بەرهەم هێنانەوەی وێنەکان، پێویستە ڕاستەوخۆ ڕێپێدان لە خاوەنی مافی لەبەرگرتنەوە وەربگیرێت.**






وڵاتانی دوبلین 28 وڵاتی یەکێتی ئەوروپا دەگرێتەوە (نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، کۆماری چێک، دانیمارک، ئەستونیا، فینلاندە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەند، لاتڤیا، لیتوانیا، لوگزامبۆرگ، ماڵتا، هۆلەندا، پۆلەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید، شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، لەگەڵ 4 وڵاتی تری " پەیوەندیدار" بە ڕێسای دوبلین (نەرویج، ئایسلەند، سویسرا، و لیختنشتاین)).



©European Union

## ئەگەر شتێک هەیە کە تێی ناگەیت، داوا لە نوێنەرەکەت یان دەسەڵاتدارن بکە یارمەتیت بدەن!

گەرچی داوای پەنابەریت کردووە لەم وڵاتە، لەوانەیە وڵاتێکی تر کار لەسەر داواکاریت بۆ پاراستن بکات.

تەنها یەک وڵات دەشێت بەهەند وەربگیرێت بۆ داواکاریەکەت بۆ پاراستن. ئەمە لە یاسا یەکلا کراوەتەوە کە پێی دەوترێت **' ڕێسای دوبلین'**. ئەم یاسایە ناچارمان دەکات ئەوە یەکلا بکەینەوە ئایا ئێمە بەرپرسیارین لە کارکردن لەسەر داواکاریەکەت یان ئەوەتە وڵاتێکی تر بەرپرسیارە - ئێمە ئەمە بە 'ڕێوشوینی دوبلین' ناو دەبەین.



ئەم یاسایە لە سەرانسەری ناوچەیەکی جوگرافی جێبەجێدەکرێت کە 32 وڵات دەگرێتەوە. [1]
بۆ مەبەستی ئەم نامیلکەیە، ئێمە داوا لەم 32 وڵاتە "وڵاتانی دوبلین" دەکەین.

لە دەسەڵاتدارن ڕامەکە یان بۆ وڵاتێکی تری دوبلین ڕامەکە. هەندێک خەڵک لەوانەیە پێت بڵێن کە ئەمە باشترین شتە بۆ تۆ کە بیکەیت. ئەگەر کەسێک پێی ووتی ڕابکەیت، یان لەگەڵیان بڕۆیت، ئەوە ڕاستەوخۆ نوێنەرەکەت یان دەسەڵاتدارانی حکومی ئاگادار بکەوە.

تکایە حکومەت ئاگادار بکەوە بە زووترین کاتی گونجاو ئەگەر:

- تۆ بە تەنهایت، و هەست دەکەیت دایکت، باوکت، برات، یان خوشکت، پورت 2)، مامت، 3)، داپیرت یان باپیرت دەکرێت لە یەکێک لە 32 وڵاتەکەی دوبلین بن لە سەر نەخشەی لاپەڕە 3؛
- ئەگەر بەڵێ، ئایا دەتەوێت یان ناتەوێت لەگەڵ ئەوان بژیت؛
- تۆ هاتوویتە ئەم وڵاتە لەگەڵ کەسێکی تر، ئەگەر بەڵێ، لەگەڵ کێ؛
- تۆ پێشووتر چوویتە وڵاتێکی تری 32 'وڵاتەکەی دوبلین'ی پۆلینکراو؛
- پەنجەمۆرت لە وڵاتێکی تری دوبلین وەرگیرا: پەنجەمۆر بریتیە لە وێنەی گیراوی پەنجەکان کە یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی تۆ؛
- تۆ پێشووتر داوای پەنابەریت کردووە لە وڵاتێکی تر دوبلین.

## زۆر گرنگە کە هاوکاریت هەبێت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەت و گشت کاتێك ڕاستیان پێ بڵێیت.

سیستەمی دوبلین دەکرێت یارمەتیت بدات ئەگەر کەست لەگەڵ نیە لە دایك/باوك لە کاتی داواکردنی پاراستن.

ئەگەر زانیاری تەواومان هەبێت دەربارەی ئەوان، ئەوە بەدوای دایباب یان خزمەکانت لە وڵاتانی دوبلین دەگەڕێین. ئەگەر بتوانین بیان دۆزینەوە، ئەوە هەوڵدەدەین ئێوە بەیەکەوە لەو وڵاتە کۆ بکەینەوە کە دایباب یان خزمەکانت دەژین. ئەو وڵاتە ئەو کات بەرپرسیار دەبێت لە کارکردن لەسەر داواکاریت بۆ پاراستن.

ئەگەر بە تەنهایت و هیچ ئەندامێکی خێزان یان خزمێک نیە لە وڵاتێکی تری دوبلین، ئەوە ئەگەری زۆرە داواکاریەکەت لەم وڵاتە کاری لەسەر بکرێت.

---

**1) لاپەڕە 3 بکەوە، نەخشەیەکی ئەم ناوچەیەت هەیە.**
**2) خوشکی دایکت یان خوشکی باوکت**
**3) برای دایکت یان برای باوکت**

هەروەها لەوانەیە هەڵبژاردنی ئەوە بکەین داواکاریەکەت لەم وڵاتە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، تەنانەت ئەگەر بە یاساش وڵاتێکی تر بەرپرسیار بێت لەمە. دەتوانین ئەمە بە هۆکاری مرۆیی، خێزانی یان کەلتوری بکەین.

لەم پرۆسەیە، **گشت کاتێك بۆ باشترین بەرژەوەندی تۆ کاردەکەین**، و ئێمە تۆ بۆ وڵاتێک نانێرین کە ئەوە ڕوون بێت مافەکانی مرۆڤت پێشێل بکات.

مانای چیە کە ئێمە گشت کاتێك کار **بۆ باشترین بەرژەوەندی تۆ دەکەین؟** واتە ئێمە پێویستە:

- ئەوە بپشکنین بزانین دەشێت تۆ لەگەڵ خێزانەکەت لە هەمان وڵات کۆ بکەینەوە؛
- دڵنیا بین کە تۆ سەلامەت و پارێزراو دەبیت، بە تایبەتی لەو کەسانەی کە لەوانەیە بیانەوێت بە خراپی مامەڵەت لەگەڵ بکەن/ئازارت پێ بگەیەنن؛
- دڵنیا بین کە بە شێوازێکی سەلامەت و تەندروست گەورە دەبیت، و کە خۆراک و شوێنی مانەوەت هەیە و کە پێویستیەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیت بەدی هاتوون؛
- بۆچوونەکانی تۆ بەهەند وەربگرین - بۆ نموونە، ئایا دەتەوێت لەگەڵ خزمێک بمێنیتەوە یان ناتەوێت وا بکەیت.






©European Union

## تەمەنت

ئەو کەسانەی لە 18 ساڵ زیاترن "گەورە"ن. بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەراورد بە بە منداڵان و هەرزەکاران (" مێردمنداڵان").

تکایە ڕاستی دەربارەی تەمەنی خۆت بڵێ.

ئەگەر هەر بەڵگەنامەیەکت هەیە لەگەڵە خۆت کە تەمەنت نیشان دەدات، بە دەسەڵاتدارانی نیشان بدە. ئەگەر دەسەڵاتداران پرسیاری تەمەنتیان کرد، دەشێت کە پزیشکێک بیەوێت پشکنینی ئەوە بکات بۆ ئەوە بزانێت تەمەنت 18 کەمترە یان زیاترە. تۆ و/یان نوێنەرەکەت پێویستە سەرەتا ڕازی بن بەمە بەرلەوەی هیچ پشکنینێکی پزیشکی ئەنجام بدرێت.

لەم دێرانەی خوارەوە هەوڵدەدەین باوترین پرسیارەکان وەڵام بدەینەوە کە لەوانەیە تۆ بیکەیت دەربارەی پرۆسەی دوبلین، چۆن دەکرێت یارمەتیت بدات و پێویستە تۆ پێشبینی ڕووداني چی بکەیت:

## پەنجەمۆر - ئامە چیە؟ بۆ چی وەردەگیرێن؟

کاتێک داواکاریەکە بۆ پەنابەری پێکشەش دەکەیت، ئەگەر تەمەنت 14 ساڵ یان زیاتر بێت، وێنەی پەنجەکانت وەردەگیرێت ( پێی دەوترێت " پەنجەمۆر") و بۆ داتابەیسی پەنجەمۆر "کە پێی دەوترێت یۆرداک" دەگوازرێتەوە. پێویستە هاریکاری بیت لەم پرۆسەیە - هەموو کەسێک کە ناچارکراون لە ڕێگەی یاسا پێویستە پەنجەمۆریان وەربگیرێت.

پەنجەمۆرت لەوانەیە لە خاڵێک پشکنینی بۆ بکرێت بۆ زانینی ئەوەی ئەگەر پێشووتر داوای پەنابەریت کرد بێت یان بۆ زانینی ئەوەی ئەگەر پێشووتر لە سنوور پەنجەمۆرت وەرگیرا بێت. ئەگەر ئەوە بدۆزرێتەوە کە تۆ پێشووتر داوای پەنابەریت لە وڵاتی دوبلین کردووە، پێویستە بۆ ئەم وڵاتە ڕەوانە بکرێیت ئەگەر لە باشترین بەرژەوەندی تۆ بێت بۆ ئەوەی بچیتە ئەوێ. ئەم وڵاتە ئەو کات بەرپرسیار دەبێت لە کارکردن لەسەر داواکاریت بۆ پاراستنی جیهانی.

پەنجەمۆرت بۆ ماوەی 10 ساڵ هەڵدەگیرێن. دوای 10 ساڵ، خودکارانە لە داتابەیسەکە دەسڕدرێنەوە. ئەگەر سەرکەوتوو بیت لە داواکاریەکەت بۆ پاراستن، پەنجەمۆرت لە داتابەیسەکە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خودکارانە دەسڕێنەوە. ئەگەر، دواتر، ببیت بە هاوڵاتیەکی وڵاتێکی دوبلین، پەنجەمۆرت دەسڕدرێتەوە. تەنها پەنجەمۆر و ڕەگەزت لە یوۆرداک هەڵدەگیرێن - ناو، وێنە، بەرواری لە دایك بوون و نیشتیمانیت بۆ داتابەیس ڕەوانە ناکرێن یان هەڵناگیرێن. هەرچۆنێک بێت، ئەم زانیاریانە لەوانەیە لە سەر داتابەیسی نیشتیمانیمان هەڵبگیرێن. داتای هەڵگیراو لە یوۆرداک لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تر یان ڕێکخراوێکی تر دەرەوەی وڵاتانی دوبلین هاوبەش ناکرێت.



لە 20ی تەمووزی 2015، پەنجەمۆرت لەوانەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وەک پۆلیس و نووسینگەی پۆلیسی ئەوروپی (یۆرۆپۆل) بپشکنرێت لەوانەیە گەران بۆ پەنجەمۆرت بکات و کە لەوانەیە داوای دەسگەیشتن بۆ داتابەیسی یوۆرداک بکەن بۆ مەبەستی ڕێگری کردن، دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە تاوانە مەترسیدارەکان و تیرۆر.





©European Union

## پێویستە چ زانیاریەک دڵنیا بکەیتەوە کە دەسەڵاتدارانی حکومەت دەیزانن دەربارەی تۆ؟

ئەگەر هەیە چاوپێکەوتنت لەگەڵ بکرێت (چاوپێکەوتنی کەسیی) بۆ دیاریکردنی ئەوەی کامە وڵات بەرپرسیارە لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت. لەم چاوپێکەوتنە، دەسەڵاتداری حکومیمان 'پرۆسەی دوبلین'ت بۆ ڕوون دەکەنەوە و هەوڵدەدەن بزانن ئەگەر شیاو بێت تۆ لەگەڵ خێزانەکەت یەک بخاتەوە لە وڵاتێکی تری دوبلین.

ئەگەر دەزانیت دایبابت، برا/خوشک یان خزمیکت لە وڵاتێکی تری دوبلینن، تکایە ئەوە لە بیرمەکە ئەمە بەو کەسە بڵێیت کە چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات. زۆرترین زانیاری پێشکەش بکە بۆ یارمەتیمان لە دۆزینەوەی ناو، ناونیشان، ژمارە تەلەفۆنەکان، هتد خێزان.

لەماوەی ئەم چاوپێکەوتنە، هەروەها لەوانەیە پرسیارت لێبکرێت ئایا سەردانی وڵاتەکانی تری دوبلین. تکایە ڕاستیەکە بڵێ.

نوێنەرەکەت دەتوانێت هاوەڵیت بکات بۆ چاوپێکەوتنەکە، بۆ ئەوەی یارمەتی و پشتیوانیت پێشکەش بکات و ئەو شتە ئەنجام بدات کە بۆ تۆ باشترینە. ئەگەر هەر هۆکارێکت هەیە بۆ داواکردنی بوونی نوێنەرەکەت لەگەڵت، پێویستە بە دەسەڵاتدارانی حکومی بڵێیت.

**لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکە، ئەنجامدەری چاوپێکەوتن و نوێنەرەکەت پرۆسەکە و مافەکانت بۆ تۆ ڕوون دەکەنەوە. ئەگەر هەر شتێک هەیە کە لێی تێناگەیت، یان ئەگەر پرسیارت هەیە،تکایە پرسیاریان لێبکە.**

چاوپێکەوتنەکە مافی خۆتە و بەشێکی گرنگە لە داواکاریەکەت.

چاوپێکەوتنەکە بەو زمانە دەبێت کە تۆ تێیدەگەیت. ئەگەر ناتوانیت لە زمانی بەکارهاتوو بگەیت، دەتوانیت داوای وەرگێڕێک بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە پەیوەندیکردن. وەرگێڕەکە پێویستە تەنها ئەو شتانە وەربگێڕێت کە تۆ و کەسی چاوپێکەوتنکار دەیڵێن. وەرگێڕەکە پێویست ناکات بۆچوونی خۆی زیاد بکات. ئەگەر کێشەت هەیە لە تێگەیشتن لە وەرگێڕەکە، پێویستە ئاگادارمان بکەیتەوە و/یان قسە لەگەڵ نوێنەرەکەت بکەیت.

چاوپێکەوتنەکە نهێنی دەبێت. ئەمە واتە هیچ زانیاریەک کە تۆ دەیڵێیت، بەلەخۆگرتنی ئەو ڕاستیەی تۆ داوای پاراستنت کردووە لە وڵاتی ئێمە، نانێردرێت بۆ کەسانێک یان دەسەڵاتداران کە لەوانەیە بە هەر شێوەیەک بێت زیانت پێبگەیەنن یان زیان بە ئەندامانی خێزانەکەت بگەیەنن کە هێشتا لە وڵاتەکە ئەسلیەکەی خۆتن.

**گرنگە کە تۆ و نوێنەرەکەت ئاگاداری چوارچێوەی کاتی ڕێککاری دوبلین بن!**



## ئایا چەندە کات دەخایەنێت بەرلەوەی بزانیت ئەگەر پێویست بکات بچیت بۆ وڵاتێکی تر یان بتوانیت لێرە بمێنیتەوە؟

## چی ڕوو دەدات ئەگەر وڵاتێکی هەبێت بەرپرسیار بێت بۆ کارکردن لەسەر داواکاریەکەت؟

← ئەگەر ئەمە یەکەم داواکاری پەنابەرییتە لە وڵاتی دوبلین، بۆ وڵاتێکی تر دەنێردرێیت لەبەرئەوەی دایك، باوك، برا، خوشك، پور، مام، خاڵ، داپیر، یان باپیرت لەو وڵاتەیە و تۆ دەچیتە لای ئەو/ئەوان بەیەکەوە دەمێننەوە بۆ هەڵسەنگاندنی داهاتووی داواکاریی پەنابەرییت.[4]

← ئەگەر داوای پەنابەریت نەکرد بەڵام لە وڵاتێکی تری دوبلین داوای پەنابەریت کردووو لە ڕابردوودا، لەوانەیە بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێنرێیتەوە تاوەکو دەسەڵاتدارانی ئەوێ بتوانن کار لەسەر داواکاری پەنابەریت بکەن.[5]

**لە هەردووك حاڵەت، لەوانەیە تا پێنج مانگ بخایەنێت بۆ ئەوەی بڕیارێک بدرێت لەسەر گواستنەوەی تۆ بۆ وڵاتێکی تر، یان لەو ساتەی تۆ داوای پەنابەرییت کردووە یان لەو ساتەی ئێمە زانیمان کە تۆ داوای پاراستنی جیهانیت لە وڵاتێکی تری دوبلین کردووە. دەسەڵاتداران ئاگادارت دەکەنەوە دەربارەی ئەم بڕیارە بە زووترین کاتی گونجاو دوای دەرچوونی بڕیارەکە.**

← ئەگەر داوای پەنابەریت لەم وڵاتە نەکردووە و داواکاری پەنابەری پێشووت لە وڵاتێکی تر ڕەتکرایەوە دوای تەواو هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، پێویستە یان داوا لە وڵاتەکەی تر بکەین بۆ بگەڕێنێتەوە، یان بەردەوام بین لە گەڕاندنەوەت بۆ وڵاتەکەی خۆت یان بۆ مانەوەی هەمیشەیی یان بۆ وڵاتێکی سێیەمی ئارام.

ئەگەر بڕیار بدەین کە وڵاتێکی تر بەرپرسیارە لە داواکاری پەنابەریت، کاتێک ئەو وڵاتەی کە داوای لێکراوە بەرپرسیاریەتی وەربگرێت بۆ پەسەندکردنی تۆ بۆ ئەنجامدانی ئەمە، تۆ بە ڕەسمی ئاگادار دەکرێیتەوە دەربارەی ئەو ڕاستیەی ئێمە کار لە سەر داواکاریەکەت ناکەین بۆ پاراستنی جیهانی و لە بری ئەوە تۆ بۆ وڵاتێکی بەرپرسیار دەگوازینەوە.

---

**4) لەوانەیەیە خەڵک ببیستیت ئەم شتە بە ' وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی' ناو بنێن.**
**5) لەوانەیەیە خەڵک ببیستیت ئەم شتە بە ' گەڕاندنەوە' ناو بنێن.**

## چی دەبێت ئەگەر تۆ نەتەوێت بچیتە وڵاتێکی تر؟

### قسە لەگەڵ نوێنەرەکەت بکە دەربارەی ئەمە!

ئەگەر بڕیار بدەین پێویستە تۆ وڵاتێکی تر بچیت بۆ ئەوەی داواکاریەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لەوێ و تۆش بەمە ڕازی نەبیت، هەلی ئەوەت هەیە تانە لەم بڕیارەی گواستنەوە بدەیت. ئێمە بە " تێهەڵچوونەوە" یان " پێداچوونەوە" ناو دەبەین.

کاتێک بڕیاری ڕەسمی گواستنەوە وەردەگریت لە دەسەڵاتداران، تۆ 30 ڕۆژت هەیە بۆ ئەوەی تێهەڵچوونەوەیەک پێشکەش بە دادگای ئیداری هێلینکسی بکەیت. زۆر گرنگە کە تۆ تێهەڵچوونەوەیەک لە ماوە دیاریکراوەکە پێشکەش بکەیت. پێویستە نوێنەرەکەت یارمەتیت بدات دەربارەی ئەمە.

- تۆ ماوە (7) ڕۆژت هەیە بۆ داواکردنی هەڵپەساردنی گواستنەوەکەت لەو کاتەی تێهەڵچوونەوەکەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. دادگایەک یان دەستەی دادوەری لە ماوەیەکی کورتدا بڕیار لەسەر داواکاریەکەت دەدات. ئەگەر هەڵپەساردنەکەت ڕەت بکاتەوە، هۆکارەکانی ئەوەت پێدەدرێت.
- دواوەی ئەم نامیلکەیە زانیاری تێدایە دەربارەی ئەوەی پەیوەندی بە کامە دەسەلات بکەیت بۆ تێهەڵچوونەوەی بڕیارێکی ئەم وڵاتە.

لە ماوەی تێهەڵچوونەوەکە دەسگەیشتنت بۆ یارمەتی یاسایی پێدەدرێت، و ئەگەر پێویست بکات، یارمەتی زمانەوانیشت پێدەدرێت لەلایەن وەرگێڕێک. لەوانەیە داوای بوونی یارمەتی یاسایی بەخۆڕایی بکەیت ئەگەر پارەی ئەوەت نەبێت. دواوەی ئەم نامیلکەیە زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی ئەو ڕێکخراوانەی تێدایە کە یارمەتی یاسایی پێشکەش دەکەن و دەتوانن یارمەتیت بدەن دەربارەی تێهەڵچوونەوەیەک.






©iStockphoto / Joe Gough

گواستنەوەکەت لە ماوەی شەش مانگدا ڕوو دەدات لەو ساتەی وڵاتەکەی تر پەسەندی بەرپرسیاریەتیەکەی دەکات بۆ تۆ، یان بڕیاری کۆتای تێهەڵچوونەوەیەک یان پێداچوونەوەیەک، ئەگەر ڕازی نەبیت و بڕیار بدەیت تانە لەم بڕیارە بدەیت ( سەیری بەشی خوارەوە بکە مانای ئەمە ڕوون دەکاتەوە!). ئەم سنووردارییەی کات دەکرێت درێژ بکرێتەوە بۆ یەک ساڵ ئەگەر تۆ بەند بکرێیت، یان بۆ 18مانگ ئەگەر ڕابکەیت.

## دەست بەسەرکردن

ئەو کەسانەی سەربەخۆ نین لە گەشتکردن بۆ ئەو شوێنانەی حەزی پێدەکەن و خراونەتە باڵەخانەیەکی داخراو کە ناتوانن جێی بهێڵن پێیان دەوترێت "دەست بەسەرکراون".

ئەگەر مێردمنداڵێکی بە تەنهایت لەوانەیە لە شوێنێکی مانەوە بژیت کە ڕێسای تێدایە کە تۆ پێویستە لەناویدا بمێنیتەوە لە شەودا یان لەو کاتەی دەرەوە تاریکە یان ڕێسایەک کە واتە تۆ دەبێت ئەو کەسانەی ئاگادار بکەیتەوە کە چاودێریت دەکەن ئەگەر بچیتە دەرەوە و کاتێک دەگەڕێیتەوە. ئەم ڕێسایانە بۆ پاراستنی سەلامەتی تۆن. ئەمە بەو واتایە نیە کە تۆ لە شوێنێکی دەست بەسەرکردندایت.

## منداڵان هەرگیز دەستبەسەر ناکرێن!

**ئایا تۆ دەست بەسەرکراویت؟ ئەگە دڵنیا نیت، ئەگەر دەستبەسەرکراویت تکایە ئاگاداری دەسەڵاتداران، نوێنەرەکەت یان ڕاوێژکاری یاساییت بە زووترین کاتی گونجاو[6] بکەوە. ئینجا دەتوانیت قسەیان لەگەڵ بکەیت دەربارەی حاڵەتەکەت و ئەگەر دەست بەسەرکرا بیت ئەوە دەربارەی ئەگەری تانەدان لە بڕیار دەست بەسەرکردنەکە!**

مەترسیەکە هەیە کە دەست بەسەر بکرێیت لە ماوەی ڕێوشوێنی دوبلین. زۆرینەی کات، ئەمە ڕوو دەدات کاتێک دەسەڵاتداری حکومی بڕوا ناکەن کە تۆ تەمەنت لەژێر 18 ساڵی بێت و ترسی ئەوەیان هەبێت تۆ ڕابکەیت یان خۆت بشاریتەوە لەوان لەبەرئەوەی تۆ دەترسیت بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێنرێیتەوە.

مافی ئەوەت هەیە کە ئاگادار بکرێیتەوە بە نووسراو دەربارەی هۆکارەکانی ئەوەی بۆچی دەست بەسەرکراویت، و دەربارەی ئەوەی چۆن دەتوانیت تانە لە فەرمانەکەی دەست بەسەرکردن بدەیت. هەروەها مافی یارمەتی یاساییت هەیە ئەگەر حەز بکەیت تانە لە فەرمانی دەست بەسەرکردنەکە بدەیت، بۆیە قسە لەگەڵ نوێنەرەکەت یان ڕاوێژکاری یاساییت بکە ئەگەر نارازیت.

**6) ئەو کەسەی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە نوێنەری تۆ ناسراوە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی تۆ دەکات بەرامبەر یاسا. نوێنەرەکەت و/یان دەسەڵاتداران پێویستە ئامۆژگاریت بکەن ئەگەر پێویستت بە دانەیەک بوو، بەڵام هەروەها دەکرێت داوایان لێبکەیت بۆ یەکێکی تر لەبری تۆ ڕێنمایی بکەن. سەیری دواوەی ئەم نامیلکەیە بکە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە دەکرێت نوێنەرایەتی یاساییت پێشکەش بکەن.**



ئەگەر لەماوەی ڕێوشوێنی دوبلین دەستە بەسەکرایت، کاتی دیاریکراوێ پرۆسەکە بۆ تۆ بەم شێوەیە دەبێت: پێویستە داوا لە وڵاتێکی تر بکەین کە بەرپرسیاریەتی وەربگرێت بۆ تۆ لە ماوەی **یەک مانگ**لە پێشکەشکردنی داواکاری پەنابەریت. وڵاتی داواڵێکراو پێویستە لەماوەی **دوو هەفتە** وەڵام بداتەوە. لە کۆتاییدا، ئەگەر بە دەست بەسەرکراوی بمێنیتەوە، پێویستە گواستنەوەکە لەماوەی **شەش هەفتە** لە پەسەندکردنی داواکاریەکەت لەلایەن وڵاتی بەرپرسیارەوە جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر بڕیار دەدەیت تانە لە بڕیارەکەت دەست بەسەرکردن بدەیت کاتێک دەست بەسەریت، دەسەڵاتدارانی حکومی هیچ ناچارکردنێکیان نیە بۆ گواستنەوەا لە ماوەی شەش هەفتە. دەسەڵاتدارانی حکومی ئاگادارت دەکەنەوە دەربارەی بەربژارەکانت.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی حکومی پابەندی کاتی دیاریکراو نەبن بۆ داواکردن لە وڵاتێکی تر بۆ وەرگتنی بەرپرسیاریەتی تۆ، یان گواستنەوەکەت لەکاتی خۆیدا جێبەجێ نەکەن، دەست بەسەرکردنەکەت بۆ مەبەستی گواستنەوەت لە ژێر ڕێسای دوبلین کۆتای دێت. لەو حاڵەتە، سنووورداری ئاسایی کاتی نمایشکراو لە لاپەڕە 11 جێبەجێ دەبێت.


©European Union



©European Union

## ئایا مافەکانت چین لەو ماوەیەی ئێمە بڕیار دەدەین کە کێ لە تۆ بەرپرسیارە؟

مافی ئەوەت هەیە لەم وڵاتە بمێنیتەوە ئەگەر ئێمە بەرپرسیار بین لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت، یان، لەو شوێنەی وڵاتێکی تر بەرپرسیارە، تا بۆ ئەو شوێنە دەگوازرێیتەوە. ئەگەر ئەو وڵاتەی کە ئێستا تیایدایت بەرپرسیار بێت لە کارکردن لەسەر داواکاری پەنابەریت، مافی مانەوەت لێرە هەیە تا بڕیاری یەکەم دەربارەی داواکاری پەنابەریت دەدرێت. هەروەها تۆ شایستەی سودێکی لە مەرجەکانی وەرگرتنی ماددی، بۆ نموونە، شوێنی مانەوە، خۆراک، هاتد، لەگەڵ چاودێری پزیشکی بنەڕەتی و یارمەتی پزیشکی باری لەناکاو. هەروەها شایستەی چوونە قوتابخانەیت.

دەرفەتی ئەوەت پێدەدرێت کە زانیاریمان پێبدەیت دەربارەی حاڵەتەکەت و مانەوەی ئەندامانی خێزانت لە ناوچەی وڵاتانی دوبلین بە شێوەی زارەکی و/یان نووسین، و لەکاتی ئەنجامدانی ئەمە، بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆت یان زمانێکی تر کە باش قسەی پێدەکەیت ( یان بوونی وەرگێڕێک، ئەگەر پێویست بکات). هەروەها کۆپیەکی نووسراوی بڕیاری گواستنەوەت بۆ وڵاتێکی تر وەردەگریت. هەروەها شایستەی ئەوەشیت کە پەیوەندیمان پێوە بکەیت بۆ زانیاری زیاتر و/یان پەیوەندی کردن بە نووسینگەی ڕێکخەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لەم وڵاتە.

**نوێنەرەکەت و دەسەڵاتدارانی حکومی ڕوونکردنەوەی زیاتر پێدەدەن دەربارەی مافەکانت!**



## ئایا چی بەسەر ئەو زانیاریی کەسییانە دێت کە پێشکەش دەکەیت؟ چۆن دەزانیت کە بۆ مەبەستی هەڵە بەکارنایەت؟

دەسەڵاتدارانی وڵاتانی دوبلین ئەو زانیاریە ئالوگۆڕ دەکەن کە تۆ پێشکەشیانی دەکەیت لە ماوەی ڕێوشوێنی دوبلین تەنها بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە ژێر ڕێسای دوبلین.

تۆ مافێکت هەیە بۆ دەسگەیشتن بە:

- بۆ زانیاری پەیوەست بە خۆت. مافی ئەوەت هەیە داتای ئەم چەشنە بکەیت وەک گۆڕینی ئەگەر ڕاست نەبێت یان بسڕێتەوە ئەگەر بە نایاسایی کرابێتەوە؛
- بۆ ئەو زانیاریانەی ئەوە ڕوون دەکەنەوە چۆن داوای ئەوە دەکەیت زانیاریەکەت ڕاست بکرێتەوە یان بسڕێتەوە، بەلەخۆگرتنی زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتداری لێهاتووی دیاریکراوی ناسراو وەک بەرپرسیار لە ڕێوشوێنی دوبلین، و بۆ دەسەڵاتدارانی پاراستنی داتای نیشتیمانی بەرپرس لە گوێگرتن لە داواکاریەکانت دەربارەی پاراستنی داتای کەسییت.

## لەکوێ دەتوانیت بۆ ڕێنوێنی بچیت

**ناونیشان و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کاربەدەستی پەنابەری**
Maahanmuuttovirasto
(خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی)
PL 10, 00086
Maahanmuuttovirasto
+ 358 295 419 600
www.migri.fi

**نوێنەری مێردمنداڵیکی تەنها**
دادگای ناوچە نوێنەرێک دیاری دەکات بۆ ئەو مێردمنداڵە تەنهایەی داوای پەنابەری دەکات. ناوەندی وەرگرتن داواکاریەکەت پێشکەش بە نوێنەرێکی دادگای ناوچە دەکات.

**پاراستنی منداڵ**
ناوەندی وەرگرتن داواکراوە بۆ ڕێکخستنی گشت خزمەتگوزاریەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو منداڵەی بە پێویست هەژمار دەکرێت بۆ تەندروستی و گەشە لەلایەن لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ کێیسەکە. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە، قسە لەگەڵ لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی ناوەندی وەرگرتنی خۆت بکە.

**دەسەڵاتی بەرپرسیار لە ڕێوشوێنی دوبلین**
Maahanmuuttovirasto
(خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی)
زانیاریەکانی پەیوەندیکردن لەسەرەوەن.

**زانیاریەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ نووسینگەی نوێنەری پاراستنی زانیاری**
Tietosuojavaltuutetun toimisto (نووسینگەی پاراستنی داتا)
PL 800, 00521 Helsinki
+ 358 295 666 700
ڕاوێژکاری بە تەلەفۆن:
+358 295 666 777
دووشەممە - هەینی 9-11
tietosuoja@om.fi
www.tietosuoja.fi

**ناسنامەی کۆنترۆڵکەری یوۆرداک و نوێنەرەکەی**
خاڵەکانی پەیوەندی: بۆردی پۆلیسی نیشتیمانی (Poliisihallitus) و خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی (Maahanmuuttovirasto)

**ووردەکاری پەیوەندی نووسینگەی کۆنترۆڵکەر**
+ 358 295 480 181
Poliisihallitus (بۆردی پۆلیسی نیشتیمانی)
PL 22, 00521 Helsinki
kirjaamo.poliisihallitus@poliisi.fi

Maahanmuuttovirasto
(خزمەتگوزاری کۆچی فینلاندی)
PL 10, 00086
Maahanmuuttovirasto
+358 295 419 600
www.migri.fi



ئەگەر حەز دەکەیت داتای پەیوەست بە خۆت ببینیت کە لە سیستەمی یوۆرداک تۆمارکراوە، داواکاریەک پێشکەش بکە لە بنکەی پۆلیس. ئامادە بە بۆ نیشاندانی بەڵگەی زیاتر لە ناسنامەت. پێشنیاری ئەوە دەکەین کە تۆ پەیوەندی بە خاڵی خزمەتگوزاری پۆلیس بکەیت کە داواکاری پەنابەری تۆی پەسەند کرد. زانیاری پەیوەندی خاڵەکانی خزمەتگوزاری پۆلیس لە وێبسایتی پۆلیس poliisi.fi بەردەستە.

**Suomen Punainen Risti**
**(خاچی سووری فینلاندی)**
Tehtaankatu 1 a
00140 Helsinki
+358 20 701 2000
info@redcross.fi
www.redcross.fi

گەڕان بەدوای ئەندامێکی وون بووی خێزان.

**نووسینگەکانی یارمەتی یاسایی و ڕێکخراوەکانی پشتگیری پەنابەران**
یارمەتی یاسایی. لەلایەن نووسینگەکانی یارمەتی یاسایی و نووسینگەکانی تری یاساو پارێزەرانەوە پێشکەش دەکرێت کە ناوەندی وەرگرتنیان ئاگادار کردۆتەوە دەربارەی ویستیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە یاساییەکان بە داواکارانی پەنابەری. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی یارمەتی یاسایی، تکایە قسە لەگەڵ کارمەندی ناوەندی وەرگرتن بکە.

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەری (IOM) نووسینگەی فینلەندا و زانیاریەکانی پەیوەندیکردن**
IOM Finland
Unioninkatu 13, نهۆمی شەشەم
PL 851, 00101 Helsinki
+358 9 684 1150
fiavrrcases@iom.int
www.iom.fi

ئەگەر دەتەوێت خۆبەخشانە بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێیتەوە، داوای ئامۆژگاری لە ناوەندی وەرگرتن بکە.

**نزیکترین نووسینگەی هەرێمیی ڕێکخەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران**
UNHCR
Sveavägen 166, 15th fl.
11346 Stockholm
Sverige
Tel. +46 10 10 12 800
swest@unhcr.org

European Commission

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

23.8.2019 - kurdi-sorani